# ڕەوشت و یەکسانی



مەهاباد قەرەداغی

یەکسانی تەنها وشەیەک یان دەستەواژەیەکی سادە نییە، تا لە فەرهەنگی وشە و زاراوەکاندا بە دوای ماناکەیدا بگەڕێین، ئەگەرچی لە هەموو فەرهەنگ و ئینسیکلۆپیدیاکاندا مانا و مەبەستەکانی ڕوون کراونەتەوە.

یەکسانی هاوکێشەیەکی ماتماتیکیش نییە تا بە هۆی کۆکردنەوە و لێدەرکردن یان لێکدان و دابەشکردنی ژمارەکانەوە بە ئەنجامەکەی بگەین، ئەگەرچی لە بیرکاریدا بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە و ئەم زانستە ناتوانێ دەستبەرداری هێمای یەکسانی بێ و بێ ئەو هێمایە بیردۆزەکان پەکیان دەکەوێت.

یەکسانی هاوکێشەیەکی کیمیاش نییە تا بە هاوسانگکردنەوەی پەیوەندی نێوان مۆلیکیولەکانی توخم و ماددە کیمیاییەکان پێی بگەین، گەرچی ناوەندی هاوسەنگکردنەوەی هەموو هاوکێشەکانە و بێ ئەو لەنگی دروست دەبێت و کیمیاگەران ناتوانن دەستی لێ هەڵگرن.

یەکسانی بەهایە، بەڵکە بەهایەکی بنچینەییشە، کە هەوێنی هەموو بەهاکانی ترە. بنەمای هەموو ئەو بەهایانەی ترە کە ڕەوشتی تاک و ڕەوشتی کۆمەڵ پێک دەهێنن. ڕەوشتیش شێوەڕەفتاری تاکەکەسە و ناسنامە و کەسایەتی تاکەکەس بەرجەستە دەکات، هەروەها شێوەرەفتاری کۆمەڵگەشە و  ناسنامەیەکی گشتیشە بۆ کلتووری نەتەوەکان.

لە هەموو کلتوورێکدا پێناسەیەک هەیە بۆ ڕەوشت، ئیدی بنەماکانی ئەو کولتووورە لەسەر لۆژیک بنیاتنرابێت یان لەسەر دڕدۆنگی(وهم)، کۆدەنگییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری لەسەر ئەو پێناسەیە هەبووە و لە ئاکامدا چەسپاندوویەتی و لە کۆعەقڵی کۆمەڵگەدا جێگەی داوەتێ. لە هەندێک کولتووردا ڕوانگەی ڕەوشتبینی تەسکە و لە هەندێک فراوان، لە هەندێک ڕوونە و لە هەندێکی تر تەڵخە. ئێمە ئەگەر بمانەوێ بەراورد لە نێوان دوو کۆمەڵگە و دوو پێناسەی جیاوازی ڕەوشت بکەین نموونە زۆرە و دەیان کلتوور هەیە تەواو پێچەوانەی یەکتری بەهاکان هەڵدەسەنگێنن و پێوەرەکانیان پێچەوانەی یەکترییە.

ڕەوشتی تاک دابڕاو نییە لە ڕەوشتی کۆمەڵگە، بەڵام دەشێ تاکێک گۆڕان بەسەر بیرکردنەوەی خۆیدا بهێنێ ئەگەر ببینێت بنەماکانی پێناسەی ڕەوشتی کۆمەڵگەکەی هەڵەیە. چەندان تاکی هاوبیروبڕواش گروپ و ڕێکخراو و حیزب پێک دەهێنن و دەتوانن ڕۆڵ ببینن لە گۆڕانهێنان بەسەر ڕەوشتی کۆمەڵگەیەک و ئامانجیش لە پێکهێنانی گروپەکان و ڕێکخراوەکان و حیزبەکان لە بناغەدا هەر بۆ گۆڕانکارییەکی لەو جۆرەیە و داهێنانی شێوازێکی گەشەسەندووتر و هۆشیارانەتری ڕووانین و بیرکردنەوەیە کە لە ئاکامدا وەردەگێڕدرێنە سەر رەفتار و دەبن بە ڕەوشتی کۆمەڵگەیەک.

ئیتیک و موراڵی تاک، پەیوەستە بەو دیدگایەی کە مرۆڤی پێ دەبینێ. مرۆڤێکی سروشتی و ئاسایی نەک مرۆڤێکی پەستراو لە قاڵبی دروستکراو. کولتوورەکان قاڵبی جۆراوجۆرن و مرۆڤەکان خۆیان دروستی دەکەن. ئایین و داب و نەریت و ڕێساکان توخمەکانی ئەو کولتوورەن و هەر هەموویان دەستکردی مرۆڤن نەک سروشتی و خۆڕسک. شکاندنی چوارچێوەکان و قاڵبەکان هەوڵدانە بۆ بەسروشتی کردنەوەی ڕوانگەکان، بەڵام گەڕانەوە بۆ سروشت مانای ئەوە نییە بگەڕێینەوە بۆ ژیانی سەرەتایی و سەردەمی زوو، بەڵکە لە ئێستاشدا و لە نێو ژاوەژاوی تەکنەلۆجیا و پیشەسازیشدا دەتوانین مرۆڤی سروشتی و تەندروست بین، بە مەرجێ ویستمان هەبێت بۆ پاککردنەوەی زوومی ئەو کامیرایەی وێنەی مرۆڤەکانی پێدەگرین و وێناکانی خۆمانی لەسەر بنیات دەنێین. چونکە مرۆڤ سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانانەی کە بەسەری هاتووە، هێشتاش بواری هەڵبژاردنی ڕێبازی ژیان و بیرکردنەوەی ئاسایی هەر لە دەستدا هەیە و تەنها خۆی بڕیاری هەڵبژاردنی بە دەستەوەیە. مرۆڤ ناچار نەکراوە لە نێوان دادپەروەری و نادادپەروەری، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، ڕووناکی و تاریکی، یەکسانی و

نایەکسانی، خراپەکەیان هەڵببژێرێ. لە ئاڵۆزترین دۆخی ژیاندا هێشتاش بواری هەڵبژاردن لە دەستی مرۆڤ خۆیدایە، بەڵام لە هەڵبژاردنی هەر یەکێکیاندا هەندێک شت بەدەست دەهێنێ و هەندیک شت لە دەست دەدات. لێرەدا بەدەستهێنان و لەدەستدانی شتە مادییەکان مەبەست نییە و مەبەست لە بەهاکانی مرۆڤە، بۆیە هەڵبژاردنەکان پەیوەندیدارن بەو ڕوانگەیەوە کە ئێمە مرۆڤی لێوە دەبینین و لەوێشەوە بڕیار بۆ هەڵبژاردنەکان دەدەین، لە میانەی ئەو هەڵبژاردنەشەوە ڕەوشتمان شێوە دەگرێ و بەهاکانی تیادا دەچەسپێت.

بینینی مرۆڤ وەک مرۆڤی پەتی، مرۆڤی سروشتی، بینینیان بە چوونیەکی بێ ڕەچاوکردنی پلە و پایەیان، سامان و پارەیان، توخمی نێر و مێیان، ڕەنگ و ڕەگەزیان ڕوانگەیەکی سروشتی و ڕۆشن و تەندروستە و دامەزراندنی بنگەهی ڕەوشت لەسەر ئەو ڕوانینە تاک دەکاتە خاوەنی ڕەوشتێکی باڵا، یەکسانبینی ڕەوشتە، ڕەوشتی مرۆڤێکی کامڵ. پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، ئەو مرۆڤەی نایەکسان مرۆڤەکان دەبینێ، لە هەر پلەوپایەیەکدا بێت، لە هەر جێگە و پێگەیەکدا بێت، خاوەنی هەرچی بێت، هێشتاش ناگاتە پلەی کامڵبوونی کەسێتی.

ئێمە دەبینین لەسەر ئەم بنەمایە مافە گەردوونییەکان دانراون و ناویان لێنراوە بنەماگەردوونییەکانی مافی مرۆڤ و ڕێنومایییەکە بۆ هەموو خەڵکی گەردوونە بۆ ئەوەی لە ئەنجامی پیادەکردنیدا ببن بە خاوەنی ڕەوشتێکی نمونەیی و بەرەو کامڵبوون هەنگاو بنێن. کەواتە ڕەوشت و یەکسانی گرێدراوی یەکترن. ئەم بەهایە بەرهەمی عەقڵێکی بێسنوورە کە بڕیار و کۆدەنگییەکی گەردوونیش لەسەری هەیە و، هۆشیاری باڵای مرۆڤ تەنها ئەم ڕێگەیە شک دەبات بۆ گەیشتن بە کامڵبوونی کەسایەتی و گەیشتن بە بەختیاری ناخ. بەڵام ئاخۆ چەند لە سەدی مرۆڤەکان و کولتوورەکان و حکومەتەکان و حزبەکانی دنیا پەیڕەوی ئەم بەهایەیان کردووە و ئەم ڕێنوماییەیان پیادەکردووە بۆ گەیشتن بە کامڵبوون، یان نزیکبوونەوە لە کامڵبوون؟ وەڵامی ئەم پرسیارە جیاوازە بەهۆی جیاوازی بارودۆخی کۆمەڵگەکان و، ڕێ و ڕێبازیان، داب و نەریت و ئایین و بڕوا و ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانیان، کە بە ڕادەی جیاواز دوور یان نزیکی ئەو بەهایەن.

مرۆڤ وەک تاک و وەک کۆمەڵگەش، کە بوو بە خاوەنی بەهای سەرەکی بنیاتنەری ڕەوشت، یان بە دەربڕینێکی تر کاتێ مرۆڤ گەیشت بە دیدگایەکی یەکسانبین، دەبێتە خاوەنی ڕەوشتێکی وا کامەرانی ببەخشێت و لە ناخی خۆیەوە هەست بە ئاسوودەییەک دەکات کە بنەماکەی پتەوە و کە وزەی لە هێزی دەرکێکی

هۆشیارەوە وەرگرتووە. پێچەوانەی ئەمەش مرۆڤ خاوەنی هەرچییەکی تر بێت هەست بە کامڵ بوون ناکات و ئەگەرچی ماڵ و سامان، پلە و پایەی زۆر و بڵندیشی هەبێت، هێشتاش لە ناخەوە بۆشاییەک دەمێنێتەوە کە پڕە لە هەستی پێناسەنەکراو و ئاڵۆزکاو کە دواتر زانستەکان و بە تایبەتی لە دەروونناسیدا پێناسە دەکرێ و ناوی لێ دەنرێ گرێکانی دەروون، وەک گرێی هەست بە کەمی، گرێی هەست بە مەزنی، گرێی ئۆدیب، گرێی ئەلکترا، هەستی خەمۆکی، دووکەرتبوونی کەسایەتی، فشار و قەیرانی تری دەروونی. نەبوونی ڕوانگەیەکی مرۆڤانە ناخی دەهەژێنێ و ناتوانێ چێژ لە هەبوونە مادیی و تەنانەت مەعنەویەکانیشی وەربگرێ و ئاسوودەی بکات.

کامەرانی، ئاسوودەیی و بەختیاری و هەموو ئەو بەهایانەی تری کە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا وێڵە بەدوایدا و پێی ناگات، هۆی ئەوەیە مرۆڤ لە ڕوانگەیەکی تەڵخەوە خۆی دەبینێ و مرۆڤ وەک مرۆڤ نابینێ و پێش بینینی مرۆڤەکە دەمامکەکانی دەبینێت، دەمامکی پیشە، پلە، پایە، سامان، ڕەنگ، ڕەگەز و توخمەکەی دەبینێت، کە هەر هەموویان دەمامکن و کولتوور بە کردی داون. تا ڕوانگەکە لێڵتر بێت، دەمامکەکانیش دەرکەوتووتر و ڕوخسارە راستەقینە و سروشتییەکەی مرۆڤی شارەواتر دەبێت.

مرۆڤ دەتوانێ لە تاقیکردنەوەیەکی سادەی ڕۆژانەدا ڕوانگەی خۆی بۆ ئاشکرا بێ و بزانێت ئاخۆ ڕۆژێ لە ڕۆژان دەگات بەو بەختەوەرییەی کە ئارەزووی دەکات؟ دەتوانێ خۆی بخاتە نێو دۆخێکی ئەزموونگەرییەوە وەک ئەوەی لە نێو هۆڵێکی تاقیکردنەوەدا بێ و خۆی بکات بە مامۆستاش و بە قوتابیش. دەتوانێ کۆمەڵێک مرۆڤ بهێنێتە بەرچاوی خۆی کە بە ڕواڵەت و بە کولتوور و، بە شێوە و، بە پیشە و، بە ڕەگ و ڕیشە و، بە توخم و، بە ڕەگەز جیاوازن لە یەکتری و تەنانەت پێچەوانەی یەکترن. بیهێنێتە بەرچاوی خۆی و تەواو قوڵبێتەوە لەناوەوەی خۆی و لە دەرکی خۆی و بزانێ لە کاتی ڕووانیندا ئەم مرۆڤانە خۆیان وەک مرۆڤێکی سروشتی و پەتی دەبینێ یان ئەو شتانە دەبینێ کە موڵکی ئەوانەن، ناخیان دەبینێ یان ڕەنگ و ڕەگەز و پیشە و توخمەکانیان، چاویان دەبینێ یان چاویلکەکەیان، ڕوخساریان دەبینێ یان دەمامکەکەیان. کە ڕوانگەی خۆی هەڵسەنگاند، دەتوانێ ڕەوشتی خۆی هەڵسەنگێنێ و بزانێ تا چەند دوورە یان نزیکە لە ڕەوشتێکی سروشتییەوە، یان بە دەربڕینێکی تر دەتوانێ بزانێ بەڕەوشتە یان بەدڕەوشت، مرۆڤێکی تەواوە یان ناتەواو.

یەکسانبینی لە مرۆڤدا ڕەوشتی باڵایە، ئەم بەهایە سروشت بە کۆد و هێما دەریبڕیوە و، زۆربەی باوەڕە ئایینییەکان و فەلسەفە مرۆییەکانیش سوودیان لە سیمبۆلە سروشتیەکان وەرگرتووە بۆ دانانی بەها و پایەکانی خۆیان و جەختیش لەسەر یەکسانی دەکەنەوە وەک بەهایەکی سروشتی. هەموو مرۆڤێک بە شێوە سروشتییەکەی بە هەمان شێوە دروست دەبێت و لە دایک دەبێت و ئاکامی کۆتاییشی چوونیەکە و بە مردنی جەستە کۆتایی دێت، ئەمە سەرەتا و کۆتایی سروشتی مرۆڤە، بەڵام ئەو ژیانەی کە دەژی و ناوی نراوە تەمەنی مرۆڤ لە ژێر کاریگەری کولتوورەکان و ئایدیۆلۆژیاکان و بەکارهێنانی هەڵەی غەریزەکانی و بەکارهێنانی نادروستی دەرک و عەقڵ و بەرهەمە مادی و مەعنەویەکانی خۆی، ڕێڕەوی ژیان و ڕوانگەی بۆ دیاری دەکات و لەو بەهایە بێبەشی دەکات کە دایکی بەهاکانی ترە. دەبینین چۆن نایەکسانبینی بووەتە ڕوانینێکی باوی زۆربەی کولتوورەکان و ڕەوشت و سروشتی مرۆڤی شێواندووە و دەمارگیری کردووە.

وشکەبڕوایی (دۆگما)بوون، تەڵخی ڕوانگەیە. مرۆڤ مەرج دادەنێت بۆ ئەوی دی تا پەیوەندی لەگەڵ دابمەزرێنێ، بەو مەرجە خۆشی دەوێت کە لەو بچێت، هاوبڕوای، هاوخوێنی، هاوڕەگەزی، هاوحیزبی، یان هاوتوخمی و یان هاو.. هتد بێت. هەڵەکە لەوێدایە و هەموو ئەم مەرجانە لە دۆگمابوون و دەمارگیری و وشکەبڕواییەوە سەرچاوەدەگرن کە سەرچاوەیەکی ناسروشتییە و ڕوانگەیەکی تەڵخ بەرهەمی هێناوە. مرۆڤبینییەکی تەندروست ئەوەیە کە هیچ مەرجێک دانەنێت بۆ ئەویتر و وەک خۆی و وەک مرۆڤ خۆشت بوێ، تەواو وەک خۆشەویستی دایک بۆ منداڵەکانی کە ڕەچاوی هیچ مەرجێک ناکات و خۆشەویستییەکی سروشتییە، هۆی ئەوەیە هێما و سیمبولەکانی هەموو میتۆلۆژیاکانی کۆنی مرۆڤایەتی دایک و سروشت بەیەک دەچوێنێت.

هەوڵدان بۆ یەکسانی هەوڵدانە بۆ چەسپاندنی ڕەوشتی سروشتی مرۆڤانە، کە تەنها ئەویان ڕەوشتێکی ئاساییە و لادان لەو بەهایە، لادانە لە سروشت، لادانە لە نەخشەی ناخی خوودێکی سروشتی و دوورکەوتنەوەیە لەڕووناکی دەروون. یەکسانی وزەی بیرکردنەوەیە، کە دەبێتە ڕەفتار، کەواتە یەکسانی ڕەوشتێکی باڵای مرۆڤە.

...

2006/08/16

**کوردستان- هەولێر**